www.kurdistannet.org
07/07/2003 19:55

# هەردو حکومەتی هەرێم مان زۆر ئاگادار کردەوە بەلام!!!!!

کارزان خانەقینی

له وەتی کورد ئەو هەلەی دەست کەوت و نەختێ ئارام بوو لە دوای ئەو هەموو کەتنەی بە سەر هات لە سەر دەستی رژێمە کۆنە پەرەستەکەی بەغدا تاکو ئەمرۆ، من بەش بە حالی خۆم هەموو نووسینەکانم لەسەر یەک بابەت بووە، کە وای لێ هات هەندێک خەلک وای دەزانی هیچی تر نازانم بنووسم جگە لەم بابەتە، بەلام تاکوو ئێستاکەس نەهات بە دەنگمەوە، بەلکوو بەدەنگمانەوە، چونکە برایانی تریش کە لە هەمان کاتدا بە عەرەبی ئەنووسن و لە هەمان بابەت باس ولێکۆلینەوە ئەکەن.

ئەو بابەتەی من و چەند برایەکی تر ئەی نووسیین و نووسیومانە مەسەلەی بوونی (تورک–مانە) لە سەر خاکی کوردستان.

ئەم تورک– مانانە کە نەک هەر دانیان بە مافی رەوای کورد دا نەناوە وناشنێن بەلکو هیچ ئامادە نین کە ناوی کوردستانیش بێنن!!!
کەچی لە کاتێکدا ئەوان بەو جۆرە رەفتار ئەکەن حکومەتی هەرێم بە هەردو بەشەکەیەوە رێگایان بۆ ئەو کەمالیستانە کردۆتەوەو، بەلکو وایان لێ هاتووە کە بەبەر چاوی خەلکی ستەم دیدەی کوردستانەوە وبە ئاشکار چەکی سیخورِی ئەکەنە شان و بە شارەکانی کوردستاندا بە ئازادی ئەگەرێن و پلان ساز ئەکەن بو تێک دانی ئەو هەلەی کە کورد بە هەزارها شەهیدی لە پێناودا داوە.

شتی سەیرتریش ئەوەیە حکومەتی کوردستان نەک تەنها رێگایان پێ داون کە نیشتەجێ بن لەو شارانەی کە بەناو تورک–مانی لێ یە بەلکوو ئەوان بە ئازادی لە نێو شارەکانی تر کە لە مێژودا هەر کورد نشین بووە و یەک دانە تورک–مانی تێ دا بە دی نەکراوە!!!!

بۆ نمونە تاکوو ئێستا نەبووە وبەبیستراوە کە تورک–مان لە شاری سولەیمانی بووە، یان لە شاری خانەقین یان هەندی شارێ تر کە بە ئەسل کوردە هیچ جۆرە جنسێتری تێدا بێ یە ونەبووە. ئەگەر کەسێک چاوێک بە مالپەرەکانیاندا بخشێنێ، لە سوکایەتی کردن و جوێندان بە گەلی کورد پتر هیچی تێدا بە دی ناکرێ، تەنانەت ناوی کورد کوردستانیان لا قەدەغەیە.

بەلام بە کێ بلێی، ئەوەتا قسەکانی ئێمە هاتە دی و، ئەوەتا تورک–مان بە هەوەسی خوی بریار ئەدات، کوردستان بە هەوەسی خویان تێک ئەدەن، تا گەیشتە ئەو رادەیەی حکومەتی کەمالیستەکان خەریکن نەک تەنها کوردستان تێک بدەن بەلکوو ئەوەتا پلان دا ئەنێن کە کورد قران بکەن.

بەلگەمان بۆ ئەم قسانەش وچونی یەتی ئەو پلانانە بەم جورەیە:

١– کەمالیستەکانی تورکیا بەهەموو شێوەیەک خەریکن بنکەکانیان فراوان ئەکەنەوە و لە هەموو شارو شارۆچکەیەکی کوردستان بارەگاو دەزگای سیخورِی دا ئەمەزرێنن.

٢–لەشاری سولەیمانی نەک تەنها بارەگا بۆ تورک– مان کراوەتەوە بەلکو تورکیای کەمالیست بە هەموو هێزیەوە لە نێو سولەیمانی دایە.

٣– تورکیا لەبەر ئەوەی ناتوانی بەبۆنەی هێزی هاوپەیمانانەوە لە کەرکوک دابمەزرێت جا پلانەکانی لە شاری سولەیمانیەوە دا ئەنێت، ئەویش بەناوی (بەرەی تورکمانی) وە کە بۆتە بنکەی سیخورِی تورکەکان.

٤– لە شاری خانەقین هەرچەندە تورک–مانی تێدا نەبووە کەچی بارەگایەکی ئەم تاقمە تێدایە.

٥– لە کاتی ئازاد کردنی عیراقدا بەناوی کۆمەک کردنی خەلکی عیراق تورکەکان بە هەزارها سیخورِیان کردۆتە ناو کوردستانەوە، – بۆ ئاگاداری هەر لە یەکەم رۆژەوە هاوپەیمانان چەندەها سەرباز و سیخورِی تورکیان دەستگیر کردووە و نێنراوەتەوە بۆ تورکیا.

٦–بە هۆی کومەکی خەلکەوە بە هەزارها چەک وتەقەمەنی نێردراوە تە نێو کوردستان بو بەرەی بەناو تورک–مانی یەوە. بەلگەش بۆ ئەم قسەیە، کە هاوپەیمانان زۆریان لێ گرتوەو.

٧– پلانی تێک دانی ئیدارەی پالێوراوی کەرکوک کە کوردێکی تێدا سەرکەوتووە.

٨– هاندانی عەرەبەکانی دەورو بەری کەرکوک وەکو (حەویجە) هی تر بۆ تێک دانی وەزعی کەرکوک بەناوی (فیدائی سەدام) وبەعسیەکانەوە.

٩–پلانی کوشتنی پارێزگاری کەرکوک وسوتاندنی نەوت ودەغل ودانی کوردەکان و تەقاندنەوەی هێلی کارەباو هی تر.

ئەم پلانانە هەمووی سیخورەکانی تورکیا دای ئەنێن.

١٠- ريكخراوى قزل ئايى توركى كه له شارەكانى كوردستان وبه تايبەت كەركوك وهەولێر وئێستاش له سولەيمانى وخانەقين ودەور وبەرى، دەزگاى خير خواز نى يه بەلكو دەزگايەكى سيخورِى يه.

١١- ئەو ١١ كەسەى كه دەستگير كران له سولەيمانى گەورە ترين بەلگەيه بۆ قسەكانمان،

لو كۆتاييدا دواكارين كه حكومەتى هەريم به هەردو بەشەكەيەوە چى زووتره دەست بگرێ بەسەر ئەو دەزگا سيخورِيانەوەو هەموو ئەو بارەگايانه دا بخات بەر لەوەى شتى گەورە تر رِووبدات ئەويش به سوود وەرگرتن له و ديموكراسى يه له دواى روخانى رِژێمه فاشستى يەكەى بەغدا هاتۆته كايەوە، ئەم جارەشمان نووسى وهيوادارين ئەميش وەكوو ئەوانى تر پشت گوێ نەخردرێت له لايەن حكومەتەكانى هەردوو هەرێمەوە لەگەل رِێز وسوپاس

مشيغان

تێبينى كوردستان نێت:
ئەم نووسينە بيروبۆچونى حاوەنەكەيەت، كوردستان نێت لە ناوەرِۆكەكەى بەرپرسيار نييە.

كوردستان نێت www.kurdistannet.org